

# دلاوەر نایەم بۆ یاری بۆ چاڵی باراناوەکانت، من لە وشە چاڵەبرین هەڵ ئەیەمەوە

رامیار مەحمود

تەنها یەک شت هەیە..
ئەمەوێت پێتی بڵێم:
هەموو شتەکان ئەمبەنەوە سەر تۆ..
رەنگە نەزانیت بارودۆخەکە چەند خراپە..
رەنگە نەزانیت خراپترین شت ئەوەیە شاعیر بیت..
وا هەست ئەکەم ئێوە..
بە بیرکردنەوەکانم نەخۆش ئەکەون..
خۆشم هەروەها.
بە رۆژە رووناکەکان نەخۆش ئەکەوم..
دیار شتێک روویداوە..
دیارە شوێنێکتان بە ئاگا ئەهێنمەوە..
هەموو ئێشی من ئەوەیە زمان لە سەر ئازارەکانم دابخەم..
ئەمرۆ شاعیرێکم بینی لە کۆڵانەکەی ئێمەوە ئەڕۆی.
ئەوەندە بەسە بزانیت کە من بێ ئاگانیم لە دنیا..
خۆ من ئەو کەسە سەرگەردانە نیم کە ئێوە لە شیعرەکانما ئەمناسن..
من دارو بەردی خۆم تەنیوە بە هیوا و ئامانج،
بۆ ئەوەی ئەوەی ژیان بە سەر بچێ..
زۆر هەوڵ ئەیەم رێک و پێک بم..
خودایە هیوا بڕاوم نەکەیت..

نازانم چی بکەم..
ماوەیەکە بیری نیشتمان ئەکەم..
بەوە شێت ئەبم ئێوە لەم ئازارەم تێناگەن...
ئێوە نازانن من لە چ موسیبەتێکی گەورەیام...
خۆبە قسەو نووسین نابێت...
ئەبێت خۆت برینێکت هەبێت بۆ ئەوەی ئازار بناسیتەوە..
نووسین تەنها ئێشی گێڕانەوەیە...
مەیخانەیەکی شرم دۆزیوەتەوە..
لە کۆنیدا بۆنی کردووە..
ئەوان نامناسن بەس ئەزانن شتێک هەیە..
درەنگانێک بە هێمنی پێم ئەڵێن: بە قورسی مەیگرە...
شەوی درێژ نابڕێتەوە..
رۆژە وەڕسەکانم تەواو نابن..
زامەکانم رۆژ بە رۆژ زیاد ئەکەن..
بیرەوەری سەرخواردووم..
لە عەبەسێکەوە بۆ عەبەسێکی تر ئەڕۆم..
لەمەودا هەموو ژیانم بۆ نوێژ و دوعاکردن تەرخان ئەکەم..
لە ناو دڵما شتێک هەیە خوا پێویستی پێیەتی...
لە ناو خوادا شتێک هەیە من پێویستم پێیەتی ...

خەڵکەکەی من تێناگەن چەند تەنیام..
خۆ تووڕە نەبووم...
ئەگەر تووڕەشبم...
ئەوەی لێی زویر ئەبم دڵی خۆمە...
کاتم زۆر کەمە..
ئەگین حەز ئەکەم بەشتان بەم لە ژیان...
ئەگین حەز ئەکەم وا بکەم...
هەمووتان بکەم بە شاعیر..
لە دوورەوە خەڵکە حۆلەکەی خۆم ئەبینم...
ئەیانبینم چۆن لە مانا ون ئەبن...
ئەیانبینم...
چۆن لە هاوار و نووسینەکانی من هەڵدێن...
من بوراوم...
ئەزانم ئەوە منم ئەینووسم..
ئەوە منم لە وشە چاڵی برین هەڵ ئەیەمەوە..
ئەو شیعرانەی ئەینووسم..
خۆم لە ناو رستەکانیا ئەمرم..
بە رێگادا ئەڕۆم و گۆرانی ئەڵێم..
نامۆ بە زەمین و زەمان...
خۆ من مەبەستم نییە...
تۆ بە منەوە پەژارە بیت...
حەز ئەکەم بەو پەڕی هێزەوە لەبەر خۆمەوە بڵێم...

من ئیتر بە تەنیا نیم...
کەوتوومەتە ناو زمانێکی ترەوە...
بۆنی منالیمی لێ نایەت..
لە شارێکدا ئەژیم بە گوێرەی هەموو وەسفەکان..
جیهانێکی بچوکراوەیە...
ماڵی خۆمانی لێ نییە...
قەت دایکم لەم ماڵەیا نەبینیوە تا هەست بکەم ...
هەموو شتێک پڕە لە خۆشەویستی..
قەت باوکم ئێواران ناگەڕێتەوە ماڵەوە...
تا هەست بکەم هەموو شتێک بێوەیە...
بە تەنها هەر خۆمم.
دەرگاگە ئەکەمەوە و دەرگاگە دائەخەم..
هەرخۆمم..
لە ژووری نووستنەوە ئەڕۆم بۆ ژووری میوان...
لە ژووی میوانەوە ئەچم بۆ موبەق...
هەر خۆمم ..
هەژاری و نائومێدی لە پێشمەوە ئەڕوات..
هێشتا هەڵنەساوم لە خەو ئەو دەموچاوی ئەشورێت...
هێشتا خەریکی خۆ گۆڕینم بۆ قوتابخانە...
ئەو لە هێڵی شەمەندەفەرەکە چاوەڕێم ئەکات..